دکتور سا لح ئیبر اهیمی



هـیچ هـۆزێ گیـر نـاهێنی کە بـڕوای بە خـوا و ڕۆژی بەریێ هێنـابێ، کە هەر لەو کـاتە لەگەڵ دوژمنانی خوا و پێغەمبەری ئەو دۆستی بکەن، هەرچەند باووباپیر یـا کـوڕ یـا بـرا یـا خزمـی ئەوانیش بن، ئەمانە کەسـانێکن کە خـوا بـڕوای لە نێـو دڵ و دەروونیانـدا نووسـیوە و (جێگـر کردووە) بە هێزێ لە لایەن خۆیەوە پشتیوانی کردوون و ئەیانباتە نێو بەهەشتگەلێ کە ئـاو بە بن دارەکانیدا تێدەپەڕێ، بۆ هەمیشـەیش لەوێدا دەمێننەوە و خوا لێیان ڕازیـیە و ئەوانـیش لە خوا ڕازین، هەر ئەمانن (دەسـەی خـوا) حیزبـوڵڵا، ئاگـادار بە، حیزبـوڵڵا (دەسـەی خـوا) هەر ئەوانن ڕزگار ﴿٢٢﴾

## سوورەی حەشر ٢٤ ئایەتە

**سوورەی حەشر لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پەسنی بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر ئەویشە فرە بەدەسەڵات و فرە دڵاوێن ﴿١﴾ خوا زاتێکە کافرانی لە یەکەمین کۆبـوونەوە لەسـەر مـاڵۆحاڵیـان وەدەرنـا، لاتان وا نەبوو کە بڕۆنە دەرێ و ئەوانیش لایان وا بوو کە قەڵا و سەنگەرە پتەوەکانیان ئەوان لە خوا دەپـارێزێ، لەوێـوە کە گومانیـان نەدەکـرد خـوا هـاتە سـەریان و ترسـی خسـتە نێـو دڵ و دەروونیان، بە جۆرێکی وا کە ماڵەکانی خۆیان بە دەستی خۆیان و بە دەسـتی بـڕواداران وێـران دەکرد، جا پەند بگرن ئەی خاوەنانی بەئاوەز و چاو (ژیران) ﴿٢﴾ ئەگەر خـوا تەنیـا ئـاوارەیی و درچوونی لە سەریان نەنووسـیبا، لە دنیـا تووشـی ئـازاری دەکـردن و لە ڕۆژی پەسڵانیشـدا بـۆ ئەوانە ئاگری بەئازاری هەیە ﴿٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەمە بە سزای ئەوە بوو کە لەگەڵ خوا و پێغەمبەری ئەودا دژایەتییان کرد و هەرکەسیش لەگەڵ خوادا دژایەتی بکا، جا عەزابی خوا سەبارەت بەو سەختە ﴿٤﴾ هەر دارە خورمایەکتان بڕی یا کە گەڕان لەسەر ڕەگی خۆ بمێنن هەموو بە ئیزنی خوا بوون تا ئەو خراپکار و فاسقانە تووشی سووکایەتی بن ﴿٥﴾ ئەوەی لە دارایی ئەوان کە خوا بە تالان بە پێغەمبەری خۆی دا، (لەبەر) ئەوە نەبوو کە ئێوە بە سواری ئەسب یا بە وشترەوە بۆی نەچوون (و زەحمەتتان بۆ نەکێشاوە)، بەڵکوو خوا بەسەر هەرکەسێ کە بیەوێ پێغەمبەرانی خۆی زاڵ دەکا، خوا بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتە ﴿٦﴾ ئەو داراییەی کە خوا لە خەڵکی ئاواییەکانەوە بە تالان کردوویەتە هی پێغەمبەر، بۆ خوا و پێغەمبەر و خزمان و هەتیوان و مسکێنان و دەستەنگ و ڕێبوارانە (کە لە ڕێ بەجێ‌ماون) تا لە نێو دەوڵەمەندەکانی ئێوەدا نەبێتە دەسمایە و دەساودەس نەکا و هەرچی پێغەمبەر پێی‌دان وەریبگرن و هەرچی نەهی لێ‌کردن، خۆی لێ لادەن، لە خوا بترسن کە خوا سەخت عەزابە ﴿٧﴾ (ئەم تالانە) بۆ ئاوارە و موهاجرانی نەدارە، کەسانێ کە لە سەر ماڵ و زێد و لانی خۆیان دەرکراون، ئەوانەی کە چاکە و فەزڵ و ڕەزای خوایان دەوێ و یارمەتی خوا و پێغەمبەری ئەویان ئەدەن، هەر ئەمانەشن ڕاستبێژ ﴿٨﴾ کەسانێ کە بەر لە هاتنی موهاجران بۆ مەدینە لەسەر ماڵوحاڵی خۆیان بوون و بڕواداریش بوون، ئەوانەی ئەوانە کۆچبار بوون و پەنایان بۆلایان هێناوە خۆشیان دەوێن و لەوەی کە بە موهاجرانی کۆچبار ئەدرێ بە دڵ ئێرەیی و حەسوودی ناکەن و لەهەر شتێکدا ئەوان وەپێش خۆیان دەخەن، هەر چەند دەدەنگ بن و خۆیشیان نیازیان هەیە، ئەوانەی کە لە ڕژدی و بەخیلی خۆیان پاراستووە (لە ئەماندان) جا هەر ئەمانەشن ڕزگارن ﴿٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە دوای ئەوان هاتوون، دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! لە ئێمە و لە براکانمان کە بەر
لە ئێمە بڕوایان هێنابوو خۆش بە و ڕق و قینی کەسانێ کە بڕوایان هێناوە لە دڵ و دەروونماندا
ڕامەگرە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! تۆ دڵسۆز و فرە دڵلاوێنێ ﴿١٠﴾ ئایا دووڕووەکانتان نەدیوە
کە بە برا کافرەکانی خۆیان لەوانەی کە ئەهلی کتێبن پێیان دەڵێن: هەرکاتێ ئێوە دەربکرێن
ئێمەیش لەگەڵتان دێین و هیچ کات بە زیانی ئێوە لە هیچ کەس پەیڕەوی ناکەین، ئەگەر
لەگەڵ ئێوە بجەنگین، یارمەتیتان ئەدەین، لە حاڵێکدا خوا شایەدی ئەدا کە ئەوانە درۆزنن
﴿١١﴾ ئەگەر دەرکرێن لەگەڵیاندا نارۆنە دەرێ و ئەگەر جەنگیشیان لەگەڵدا بکرێ یارمەتیان
نادەن، ئەگەر بێنە یارمەتیشیان پشت ئەکەنەوە و ڕائەکەن، جا یارمەتی نادرێن ﴿١٢﴾
یەقینەن ترسی ئێوەیان زیاتر لە خوا لە دڵدایە، (چونکە) هۆزێکی تێنەگەیشتوون ﴿١٣﴾
ئەوانە هەموویان پێکەوە جەنگتان لەگەڵدا ناکەن، مەگەر لە قەڵای پتەو یا لە پشت دیواری
دێیەکانەوە نەبێ، ئەوانە لە نێو خۆیاندا سەخت دوژمنی یەکترن، تۆ بە یەکدڵیان دەزانی، لە
حاڵێکدا دڵیان لێک جیایە، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە هۆزێکی بێ ئەقڵن ﴿١٤﴾ ئەم تاقمە
(لە جوولەکە) هەروەکوو کەسانێکن کە کەمێ بەر لەوانە بوون کە تامی تاڵی کاری خراپی
خۆیان چێشت، هەر بۆ ئەوانە عەزابی دەرداوی ﴿١٥﴾ هەروەکوو شەیتان کە بە مرۆڤی وت:
حاشا لە خوا بکەن، جا وەختێ لە خوا تەکیەوە و حاشای کرد، شەیتان، وتی: من لە تۆ بێزارم،
من لە خوا کە پەروەرێنەری جیهانیانە دەترسم ﴿١٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

سەرەنجامی کاریان بووە ئەمە کە هەر دوو لە ئاگردان، بۆ هەمیشەیش لەوێ دەمێننەوە، ئەمەیە سزای ستەمکاران ﴿١٧﴾ ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! لە خوا بترسن و هەرکەس ئەبێ چاوەنواڕ بێ کە بۆ دوارۆژی چی لە پێشا ناردووە، لە خوا بترسن، خوا بەوەی دەیکەن ئاگایە ﴿١٨﴾ لەو کەسانە مەبن کە خوایان لە بیر بردەوە، خوایش وای کرد تا خۆیشیان لە بیر بردەوە، هەر ئەمانەن خراپ: فاسق و نافەرمان ﴿١٩﴾ دۆزەهییان و بەهەشتییان بەرامبەر نین، بەهەشتییەکان هەر ئەوانن ڕزگار و کامەران ﴿٢٠﴾ ئەگەر ئەم قورئانەمان بناردایەتە سەر کێوێک ئەتدی کە لە ترسی خوا لەت ئەبوو، ئەم نموونانە بۆ خەڵکی دێنینەوە، بەڵکوو بیر بکەنەوە ﴿٢١﴾ ئە و خوایە کە خوایێتر بێجگە لەو نییە، هەر ئەوە دانا بە نهێن و ئاشکرا، هەر ئەویشە بەخشەر و فرە دڵاوێن ﴿٢٢﴾ ئەو خوایە، کە لەو بەدەر شیاوی پەرستنێک نییە، فرمانڕەوا و پاتشایە، لە کەمایەسی دوورە، سەرچاوەی هێمنایەتی: هێمنیدەرە و بەسەر هەموو شتێکدا ڕادەگا، دەسەڵات بە دەس ئەوە، بەسەر هەمووشتێکدا زاڵە و هیچ شتی دەرۆستی نایێ، پاکە خوا لەو شتانەی دەیکەنە شەریک و هاوبەشی ﴿٢٣﴾ هەر ئەوە خوای خولقێنەری وەدیهێنی بێوێنە، دیمەندەرە؛ وێنەگری هەر بۆ ئەوە ناوی چاک و شیاو، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان پەسنی بێخەوشی ئەو دەڵێن، هەر ئەویشە بەدەسەڵاتی لەکارزان ﴿٢٤﴾

## سوورەی مومتەحینە ١٣ ئایەتە